# نابێت هیچ ملوانکەیەکی بەپەت بەستراو یان هەرملوانکەیەکی تر لە ملی وشترەکان بمێنێتەوە ؛ دەبێت هەمووی بچڕێندرێت

لە ئەبی بەشیری ئەنسارِیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لە گەڵ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بوو لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کەسێکی نارد -لەکاتێکدا خەڵکی لەشوێنی حەوانەوەیان بوون- (وفەرمووی): «نابێت هیچ ملوانکەیەکی بەپەت بەستراو یان هەرملوانکەیەکی تر لە ملی وشترەکان بمێنێتەوە ؛ دەبێت هەمووی بچڕێندرێت».»
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا، لەکاتێکدا خەڵکی لەشوێنی خەوتنیان بوون لەنێو خێمەکاندا کە شتومەک وئاژەڵەکانیانیشی لێیە، کەسێکی نارد وفەرمانی کرد بە پچڕانی ملوانکەی ملی وشترەکان ئەگەر ملوانکەکە بەپەتی کەوان دروستکرا بێت یان لەشتی تر وەکو زەنگ یان نەعل، چونکە دەیانکردە ملی وشترەکانیان وپێیان وابوو لە چاوی پیس دەیانپارێزێت، بۆیە فەرمانیکرد بە پچڕاندنیان؛ چونکە ئەم ملوانکانە هیچ شتێک ناگێڕنەوە، وزیان وسوود هەمووی بەدەستی الله ی تاکی بێ هاوتا وبێ شەریکە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6761

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee